٧- بوونی فەرمانڕەوایی بنەماڵە جیاجیاکان لەکوردستاندا، بەگوێرەی ئەوەی کەلەمێژووی شەرەفنامەی بەتلیسی و ئەوانیتردا هاتووە، کەئەوان لەباری مێژووییەوە پێش ئەردەڵانەکان کەوتوون و، لەگەڵ سەرهەڵدان و بەهێزبوونی بنەماڵەی ئەردەڵان و خۆ بەستنەوەیان بە سەفەوییەکانەوە کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵانەوە وردە وردە لەناوچوون و. دەسەڵاتی ئەوان رەتدەکاتەوەو هەموو ئەمانە وا دەکەن کەنووسینەکانی مێژوونووسانی مێژووی کورد، لەم بارەوە بەگومانەوە تەماشا بکرێن و بەڕاست نەزانرێن.

لەروونکردنەوەی زیاتری ئەو خاڵانەی سەرەوە، دەبێ ئەوە بزانیت کەئەو ئاماژانەی کراوە سەبارەت بەئایینی ئەردەڵان و ئەوانەی کەپەیوەندییان هەیە بەوانەوە لەدەقەکانی مێژووی کوردستاندا، رێگای گەڕان و بەدواداچوونی بۆ ئێمە ئاسان کردووە، وەك چۆن نووسەری (توحفەی ناسرییە) دەڵێ: (لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو گروپ و تاقمە ئاینییانەی کەهەن لەکوردستاندا وەك بهدینان، ئەهلی حەقە، یەزیدی و ئەوانیتر، ئەوەمان بۆ دەردەخات کەخەڵکی کوردستان پاش هێرشی عەرەبەکان و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام تا چەندەها سەدە دواتر بەنهێنی، پابەندی ئایینی کۆنی خۆیان بوون و وەك دیارە لەسەدەی نۆهەمی کۆچی بەدواوە، بەتایبەتی لەسەردەمی سەفەوییەکان و لەبگرەو بەردەی سەربازی و عەقیدەیی نێوان دوو دەسەڵاتی گەورەی کۆمەڵگەی ئیسلامی، واتە سەفەوی و عوسمانییەکان کەکوردەکان بەزۆری لەپەیڕەوانی ئەو دوو رێبازە ئایینی سوونی و شیعە بوون.{تحفە ناصری، میرزا شکرالله سنندجی،ص٤٧٠}

لەشوێنێکیتردا باسی کردووە (کەلەسەرەتادا رێبازی ئایینی ئەردەڵان پێش ئیسلام جۆراوجۆر بووە و هەر خێڵ و هۆزێك بیروباوەڕێکی ئایینی

خۆی بووە، هەندێکیان مەجوس و هەندێ گاورو تاقمێك دەسنی و شەیتان پەرست بوونە، (هەمان سەرچاوە،ص٨٣) کەئەوەی دواییان مەبەست ئەهلی حەقەو هەر ئەو وتەیەی یەکەم راستە کە تاسەدەی نۆهەمی کۆچی ئایینی تازەی ئیسلامییان پەسەند نەکردووەو ئیتر ئەوەی کەسەبارەت بەباپیرانی ئەردەڵان وتراوە (بابا) ئەوە وەك رێزلێنان و گەورەکردنێکە، وەك چۆن دەوترێ شێخ، پیر، ئوستادو هیتر، لەم نازناوانە کەبۆ پیاوانی و خواو پیاوچاکان لەلایەن خەڵکەوە، ئەخرێتە سەر ناوەکانیان و هەر بەوەش ناوبانگ دەرئەکەن.

(فرانتز رۆزنتال) لەنووسنێکدا بەناوی (پێشینییەکانی بابا حەڕالی)(ران ملخ/ ارمغان نامە تقی‌زادە) سەبارەت بە حەررانی و سائیبی مەسیحی دەڵێ: بابا لەناو مەسیحییە رۆژئاواییەکان و پیاوچاکانی ئێراندا هاوبەش بووەو وەکو (پاپا) هەردوولا بەکاریان هێناوە، هەروا دەڵێ: ناوی بابا لەنووسینێك (دورا ئوریوس) ساڵی ٢٠٣ بەشێوەی بەب و لەیۆنانیدا بەشێوەی بابا هاتووەو کەپەیوەندیی هەیە بە وشەی (بەبی) ئارامی (سوری و جولەکە)وە، هەروەها ئەم ناوە بۆ پێغەمبەری حەرران بەکارهاتووە، هەروەها ئیبن عەدیم لە(مێژووی حەڵەب)دا گوتوویەتی کەئیبن تەیمییە (کتێبی بابا)ی سائیبییەکانی نارد بۆلای من کەتیایدا هاتووە، ساڵی (٣٦٧)ی پێش کۆچکردن بابا پێغەمبەرایەتی خۆی راگەیاندووە.

honour of S.H. Togizad eh:London, Perylund,1962,pp.220-221

... مامۆستای خوالێخۆشبوو جەلالودین هومایی لەباسکردنی گۆڕی (بابا)کاندا وەك بابای ئەسفەهان و بابا روکنودین، بابا عەلەمدار، بابا نۆش و هیتر دەڵێ: بەشی زۆری ئەوانە لەسەدەکانی هەشت و نۆی کۆچیدا ژیاون (مقالات ادبی،ج١،ص٤٢٦-٤٢٧)و (بابا طاهرنامە،ص١٢٧-١٢٨) ئەوەش لەبیر نەکەین کەلەناو عەلەوییە گەورەکانی زاگرۆسدا ناوی بابا تاوس، بابا یادگارو هیتر

هـەن، هـەروەها بەئاشـکرا لەباسـی رابـردووی بنەماڵـەی مەردۆخییـەکاندا کەئـەوانیش لەنـەوەی نـەوەدو نۆپیرەکـەی هـەورامان و بابـا زادەن. شـێخ محەمـەدی مـەردۆخ پشـتگیری ئـەو قسـانە دەکـات کـەرابردوون و بـەبرەو پـەیداکردنی بزووتنـەوە عەلەوییـە توندڕەوەکـان دەکـات لەهـەوراماندا و دەنووسـێ: خـەڵکی هـەورامان هورمزدپەرسـت بوونـەو خۆیـان بەنـەوەی ئەردەشیری دەست درێژ دادەنێن کەنازناوی بەهمـەنی کـوڕی ئەسـفەندیار بوو، تاسـەردەمی پیرشالیاری یەکەم لەسەر بیروبـاوەڕی هورمـزد پەرسـتی خۆیـان بـەردەوام بـوون و بـەهۆی ئـەو کارەسـاتی کەعەرەبـەکان هێنایـان بەسەریاندا بەتـەواوی لەئایینی ئیسـلام و ئیسـلام گـەرایی بـێزارو نیگـەران بـوون. پـیر شـالیاری دووهـەم کەلەدڵـەوە خـۆی بـاوەڕی بەئیسـلام بـووە، بەئاشـکرا نـەیتوانیوە بیروبـاوەڕی ئیسـلام گـەرایی بـدا بـەگوێیاندا، بـەڵام لەژێرەوە وردە وردە مانای راستەقینەی ئیسلامی فێرکردوون و کتێبێکی بۆ داناون بەناوی (مەعریفەتی پیر شالیار) کەئامۆژگاری تێدایە بۆیـان. (بابـا مەردۆخـە)ش هەرچـەند لەگـەڵ موریدەکـانی خۆیـدا خـاوەنی بیروبـاوەڕی ئیسلامیانە بوون و رەنگە بۆ بڵاوکردنـەوەی ئیسلام هاتبنـە ئـەو ناوچەیـە، بـەڵام بـەهۆی سـەختی و بـەردەلانیی شـوێنەکەو توندوتیـژی خەڵکەکـەو دەمارگیرییانەوە، نەیان توانیوە و بەئاشکرا ئیسلامییەتی خۆیان دەربخـەن و بانگیان بکەن بۆ ئیسلامییەت. بەڵام ئەویش وەك پیر شالیار هەوڵی ئەوەی دەدا کەدڵی خەڵکەکە بەلای ئایینی ئیسلامدا رابکێشـێ. تا سـاڵی ٨٤٢ ی کۆچی، مەولانا گوشایش پلەوپایەی کەوتە دەست و بەئاشکرا دەسـتی کـرد بەبڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و فێرکردنی قورئان.

عەبدولغەفاری کوڕی مەولانا گوشایش، پاش ئەوەی گەورەبوو، رووی کردە خواپەرستیو خۆپاراستن لەگوناه و رۆیشتە خزمەت شێخ شەمسەدینی شوشیو لەسەردەستی ئەودا تەریقەتی وەرگرتو بەم هۆیەوە ناوبانگی دەرکرد، پاش بڕینی قۆناغەکانی سۆفیگەریو دەسخستنی رێورەسمی حەقیقەت گەڕایەوە بۆ هەورامانو بەفەرمانو مۆڵەتی سوڵتانەکانی هەورامان دێی دەگاشێخانی ئاوەدان کردەوەو لەگەڵ موریدو پەیڕەوانی خۆیدا لەوێ نیشتەجێبوونو دەستی کرد بەڕێنمایی کردنی خەڵك. هەر بەم بۆنەشەوە، دێیەکەیان بەدەگاشێخان ناوی دەرکرد، واتە دێی شێخان، (دەگا) واتە (دێ)و شێخانیش کۆی شێخە. یەکەم کەسیش کەنوێژی جومعەی لەهەوراماندا هێنایە کایەوە، شێخ عەبدولغەفار بوو. پاش ماوەیەك، خوا کوڕێکی پێ بەخشی بەیادی رابەرەکەی خۆیەوە ناوی نا (شەمس ئەلدین). (تاریخ مردوخ،ص١٥).

لەم سەردەمەدا هاوکات لەگەڵ دەسەڵاتی هەڵۆ خانی ئەردەڵانو خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانو دەسپێکردنی هێرش بۆ سەر هەورامانو داگیرکردنی قەڵای پڵنگانی بارەگای عەشیرەتی گۆرانو پچڕانی پەیوەندیی هەورامان لەگەڵ لوڕستاندا کەپێشتر بە بەشێك لە قەڵەمڕەوی لوڕستان دادەنرا، هەروەها بەپاشەکشەکردنی عەلەوییەکان لە کوردستانو هەورامان بۆ ناوچەی داڵەهۆو دەوروبەرو نوێکردنەوەو رێکخستنەوەی گروپی بەرەنگاری لەشارەزوورو دەوروبەریدا دادەنرێت.

زنجیرەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵان، بەهاریکاریو کۆمەکی بنەماڵە ئایینی مەردۆخی کە بەگوێرەی ئەوەی لەسەرەوە باسکراو ئەو بەڵگەنامانەی پاشتر بەرچاو دەکەوتن، خۆیان لەنەوەی عەلەوییە توندڕەوەکان بوونو

سەرکەوتوون لەبڵاوکردنەوەی ڕێبازی عەلەوییە میانڕەوەکان (شافعی) لەکوردستانداو تا کۆتایی سەردەمی قاجارییەکان و ناوەڕاستی فەرمانڕەوایی پەهلەوی، کاربەدەستانی ناوداری سیاسی و ئایینی کوردستان لەم دوو بنەماڵەیە بوون و مەدرەسەو مزگەوتێکی زۆریان دروست کردووەو بناغەی باس و لێکۆڵینەوەو وتنەوەی وانەی زانستە ئایینییەکان لەسەر ڕێبازی ئیمامی شافعی لەو ناوچەیەدا، ئەوان دایانناوەو هەوڵێکی زۆریان داوە.

لێرەدا بەمەبەستی ڕوونکردنەوەو راستی ئەم قسانە، دەربارەی رابردووی بنەماڵەی زانستی و ئایینی و پێشەنگییەتی مەردۆخە عەلەوییەکان، خودی شێخ محەمەدی مەردۆخی و نووسینەکانی بەبەڵگە دێنینەوە.

سەرەتا دەربارەی واتای وشەی مەردۆخ، دەڵێ: مەردۆخ واتا کوڕی خوا، نمایانگەری خوا، وتەی خوا، نیشانەی خوا،(هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص١٦) ئەگەر مانای وشەکە لەبەرچاوبگرین، کرۆکی فەلسەفەی عەلەوییە توندڕەوەکان لەوشەکەدا ئاشکرایەو بەڵگەنەویستە. پاشان ئایەتوڵڵای مەردۆخ دەربارەی ڕۆڵی بنەماڵەی خۆی (مەردۆخیەکان) لەهەورامان و کوردستان و ناوچەکەدا، بەئاشکرا سەرهەڵدانی پێشینانی بنەماڵەکە لەنەوەی نەوەدو نۆپیرەکە کەلەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەکراوە، بەپلەو پایەی ڕۆحیانییەتی ئەوان لەسیستەمی سیاسی و ئایینی عەلەوییەکاندا، لەم بارەوە دەنووسێ: دەروێش ئەمیر (محەمەد مەردۆخ) ناسراو بەبابا مەردۆخە کەباپیرە گەورەی شێخەکانی مەردۆخی کوردستانە، خەڵکی دێی (مەردۆخ) سەر بەشامە، .. لەساڵی (٧٣٧)ی کۆچیدا (هاوکات

لەگەڵ پەیدابوونی سوڵتانە ئیسحاق لەهەورامان) لەکاتی داگیرکردنی ئازەربایجان و بەغدا لەلایەن حەسەن جەلایری کەدەوڵەتی ئیلخانی پێکهات لەعیراقدا.

بابا مەردۆخ لەگەڵ کۆمەڵێك کە سوکارو خزمەکانی خۆیدا لەشامەوە بەرەو خاکی هەورامان کۆچ دەکەن. ماوەیەك لەدەشتی (شامییان) کەبەو هۆیەوە ئەو ناوەی لێنراوە. ڕەشماڵێیان هەڵداوەو نیشتەجێ بوون، خەڵکی هەورامان و دەوروبەرو کە بینیویانە پیاوێکی خواپەرستەو دوورە لەدنیاپەرستی، خەڵکی هەورامان باوەڕێکی زۆریان پێهێناوەو هەموو بوون بەموریدی ئەو و لەدڵەوە ئەیان پەرست و لەوناوچەکەدا پلەو پایەی قوتب و غەوسی پەیداکردو ئەویان بە(بابا مەردۆخە) ناوئەبرد. پاش مردنی خەڵکی ناوچەکەو دەوروبەری پێیان دەگوت پیرموحەمەدی هەورامی.

هەندێك وایان ئەزانی کەپیر موحەممەدی هەورامی باپیرە گەورەی ئەمیر موحەممەدی مەردۆخە بووەو بەگوێرەی ئەم بەهەڵەداچوونە، دووجاری ناوی ئەویان لەزنجیرەی شێخە مەردۆخیەکاندا باسکردووە، جارێکیان بەناوی دەروێش ئەمیر موحەممەدی مەردوخەو پاشتر پیر موحەممەدی هەورامییان بەباپیرە گەورەی داناوە، لەحاڵێکدا کەئەم دوو ناوە هەریەکەو لەهەوراماندا پێیان گوتووە میر موحەممەدی مەردۆخەو لەدەوروبەر پێیان گوتووە پیر موحەممەدی هەورامی.

لەبەشی چوارەمی کتێبی مێژووی سوڵتانەکانی هەوراماندا هاتووە: دەروێش میر موحەممەدی مەردۆخ کەبە(بابا مەردۆخە) بەناوبانگە، یەکێکە لەنەوەدو نۆ پیرە گەورەکەی هەورامان، مەرقەدەکەی لەناوچەی هەورامانە، هەموو شێخە مەردۆخییەکان لەنەوەی ئەون. وشەی (بابا) یش نیشانەی

ئەوەیە کەدەروێش میر موحەممەدی مەردۆخ سەیید بووە، چونکە خەڵکی هەورامان هەر بەسەیید ئەڵێن بابا.

هەروەها لەکتێبی مێژووی سوڵتانەکانی هەوراماندا هاتووە: بابا مەردۆخە لەساڵی ٦٨٠ی کۆچیدا هاتووەتە دنیاوە لەنەوەدو هەشت ساڵیدا ژنی هێناوە، لەساڵی ٧٩٠ی کۆچیدا وەفاتی کردووەو سەدو دە ساڵ ژیاوە. لەساڵی ٧٧٨ی کۆچیدا، لەسەردەمی ئەمیر ئەسعەدی ناسراو بەئەمیر جیاشا (واتە سەردەمی سەڵتەنەتی سوڵتان موراد خانی یەکەم لەوڵاتی عوسمانیدا) لەسەر ئارەزووی پیر شالیاری هەورامی، کچی شێخ شەهابەدینی (دزاوەر)ی مارە بڕیوە، لەو ژنە یەك کوڕی بووە، ناوی ناوە (گوشایش) پاش ئەوەی گەورە بووە، لای شێخ حەسەنی مەولان ئاباد واخوێندوویەتی و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان و بەمەولانا گوشایش ناوی دەرکردووە.

مەولانا گوشایش لەساڵی (٨٤٢)ی کۆچیدا، دەستی کردووە بەبڵاوکردنەوەی ئیسلامەتی و حوکمە شەرعییەکان لەساڵی ٨٧٣ی کۆچیدا، وەفاتی کردووە. دوو کوڕی لەپاش بەجێماوە بەناوی عەباس و عەبدولغەفار. عەباس باپیرە گەورەی قازییەکانی هەورامانەو عەبدولغەفار باپیرە گەورەی شێخەکانی دەگا شێخان، تەختە، باقلئاوا، قزڵباق، هەزارکانیان و میرگاه سارو دژن و تەنگیسەروکاشتەرو ناوچەی قەرەداغ و دەوروبەری سلێمانی و شاری سنەو شێخە مەردۆخییەکانی ترە، کەلەبەغداو بەیروت و میسرو ئەزمیرو وڵاتەکانی تردا بڵاوبوونەتەوە.

پیر شالیاری ناوبراو (ئوستاد بابا مەردۆخە) نەوەی پیرشالیاری یەکەمەو ناوی سەید موستەفا بووەو هاوچەرخ بووە لەگەڵ شێخ عەبدولقادری

گەیلانیدا، ئەوان وای دائەنێن کەلەنەوەی عەلی عەزیزی کوڕی ئیمام جەعفەری سادقە. لەساڵی ٥٦٧ی کۆچیدا مردووەو مەرقەدەکەی لەهەورامانە(؟!) (هەمان سەرچاوەی پێشوو ص١٣) ئایەتوللای مەردۆخ بەحەوت پشت کەیەك لەدوای یەك ئیمام جومعەی سنە بوون، ئەگاتەوە بەشێخ عەبدولغەفاری مەردۆخی.

لەشوێنێکی تردا ئایەتوڵڵا شێخ محەمەدی مەردۆخ بەئاشکرا دانی پیا ئەنێو ئەڵێ: (مەولانا گوشایش باوکی شێخ عەبدولغەفاری یەکەم، ئایینی ئیسلامی لەناوچەی هەوراماندا بلاوکردووەتەوە، لەساڵی (٧٩٠)ی کۆچیدا پەیدابووە لەساڵی ٨٧٣ی کۆچیدا وەفاتی کردووە. بابا مەردۆخە باپیرە گەورەی مەردۆخییەکانی کوردستان باوکی مەولانا گوشایش لەشامەوە هاتووەتە هەورامان بۆ بلاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام، بەڵام لەبەر دەمارگیری و کەللەڕەقی خەڵکی ئەو ناوچەیە، سەرکەوتوو نەبووە لەجێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا، بەڵام بەهۆی ئامۆژگاریکردنی خەڵکەکەوە زەمینەکەی خۆشکردووە، بۆ ئەوەی مەولانا گوشایش ئەو ئەرکە ئەنجام بدا. بابا مەردۆخە لەساڵی ٦٨٠ی کۆچیدا پەیدا بووەو لەساڵی ٧٩٠ی کۆچیدا مردووەو یەکێکە لەنەوەدو نۆ پیرە گەروەکانی هەورامان.

شتی زۆر لەبابا مەردۆخە ئەگێڕنەوە، وەك ئەوەی سواری بەردی (کێوی میانە) بووە، شەڕی لەگەڵ دێوەکاندا کردووە، بەسەر دەریا ڕۆیشتووە، مردووی زیندوو کردۆتەوە، درەختی وشکی هێناوەتە بەر، جلەوی خۆرو مانگی گرتووە، شتیتری لەم جۆرە قسانە کەلەئەفسانەو پڕو پوچ زیاتر نین و بەم بۆنەیەوە چاوپۆشیمان کرد لەباسکردنیان. (تاریخ مردوخ،ص٢٣)

لەوردبوونـەوە لەنووسـینەکانی ئایـەتوڵلا مـەردۆخ لەباسـی مێـژووی کوردستاندا، ئەوە تێدەگەین کەپەیدابوونی مەولانا گوشایش هـەر هـەمان داستانی ژنـهێنانی شـێخ عیسـای بەرزنجییـە لەگـەڵ خـاتووو دایـراك‌و پەیدابوونی سوڵتان سەیید ئیسحاقی عەلـەوی بـەرزنجی، ئـەو کەرامـەت‌و کارە لەکەس نـەهاتووە کـە دەربـارەی بابا مەردۆخـە نووسـراون هـەر ئـەو کارانـەن کەدراونەتـە پـاڵ سـوڵتان‌و دۆسـتەکانی. لەراسـتیدا رسـتەی (لەناوبـەری تـاریکی، رزگارکـەری خـەڵك‌و خـەڵکی هـەورامان‌و سـنەو دەوروبەرەکەی لەرێگەی ئەوەوە ئیسلام بوون) باری کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌و بیروبـاوەڕی خەڵکەکـە تـا سـەدەی هەشـتەم روون دەکاتـەوە. سـەردەمی دەرکەوتنی مەولانا گوشایش، هاوکاتە لەگەڵ راپەڕینی سەیید موحەممەدی نوربـەخش لەکوردسـتانداو شـێخ عەبدولغـەفاری کـوڕی، لەپـەنای فەرمانڕەوایانی ئـەردەڵاندا کە لەقەڵـەمڕەوی گۆرانـدا پێشـڕەوییان کـردووە ناوی دەرکردووە.

هـەروەها سـەبارەت بـەپیاوە گـەورە بنچینەییـەکانی زنجـیرەی کاربەدەستانی ئەردەڵان، ناوی کەسانێکی وەك پیر بوداق، میر عـەبدال، بابا ئـەردەڵ لـەناو ئەردەڵانییەکاندا خستووەتەڕوو و لەگـەڵ سـەرنجدان بەپلـەی بابا ئەردەڵ لەگەورەی عەلەوییە توندڕەوەکان بوون‌و هـەروەها نـاوی کلـوڵ بەگ کە لەکوردیدا، بەواتای شوومەو رەنگە لەژیانیدا کارەساتێك روویدابێ لەناوچەکـەو بەوهۆیـەوە ئـەو نـاوەی لێنرابـێ‌و نـاوە راسـتییەکەی ئـەبێ، نـاوێکی تـر بووبـێ، ئەمانـە نیشـانەیەکی دیـارن، کەمێژوونووسـەکان بـۆ شـێواندنی بابەتەکـە، دەسـتیان کردبـێ بەنووسـینی بابـەتی ناڕاسـت‌و بێسەروبەر لەباری مێژووو کەسەکانەوە.

# ڕووداوی قەڵای پڵنگان

شاخۆشین دەفەرموێ:

سەرکوی پلنگان جەنگ نرّانا
چاکای چاك شمشیر چوار حزب کمانا
انجا کە نامردان گریزند از جنگ
بلادرگردن شیر نرّانا

واتە:

لەسەر شاخی پڵنگان شەڕی مەردانە
وشەڕە شمشێرەو لەوێداو
کە نامەردەکان لەشەڕ هەڵدێن،
بەڵا لەئەستۆی شێرەکاندایە

باسکردن لەسەر داگیرکردنی قەڵای پڵنگان کەجێگەی سەرەکی سەرهەڵدانی خەباتی عەلەوییەکانی ئەهلی حەقەو بەهۆی شێواندنی مەسەلەکەوە راستیەکە ئاوەژوو کراوەو لەکتێبە زۆرەکانی مێژووی کوردستاندا نووسراوە: یەکەمجار داگیرکردنی پڵنگان دراوەتە پاڵ خەسرەو (بابا ئەردەڵ) لەساڵی ٥٦٤ی کۆچیداو دەنووسێت، (خەسرەو ناوی ئەردەڵان، بەهەر شێوەیەك بێت دەسەڵاتێکی باڵای بەدەستهێناوە لەساڵی ٥٦٤ی کۆچیدا، هاتە ناوچەی شارەزوورو قەڵای (زەڵم)ی بۆ نیشتەجێبوون و شوێنی فەرمانڕەوایی دروستکردو دەستی گرت بەسەر بەشی زۆری دەوروبەری شارەزوورداو، پاشماوەیەك قەڵای پڵنگان کەشوێنی نیشتەجێ و پەناگای میرە کەڵهوڕەکان بوو، بەزۆر لەدەستی

دەرهێنان (؟!) و خستیە ژێر دەستی خۆیەوەو بەهۆی ئەوەوە کەقەڵای زەڵم ئاوو هەوای سازگار نەبوو، گواستیەوە بۆ پڵنگان و لەوێ قەڵایەکی پتەوی دروستکردو ماوەی چل و دوو ساڵ لەو ناوچەیە فەرمانڕەوایی کرد. (تاریخ مردوخ، ص٩٠-٩١)

جارێکیتر سەبارەت بەحکومەتی کلۆڵ بەگ بەپێناسەکردنێکی ئاڵۆزی ئەوەوە دەنووسێ: (لەساڵی ٦٠٦ی کۆچیدا.. ماوەی ٢٣ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە پاشان شوێنی فەرمانڕەوایی لەقەڵای زەڵمەوە گواستووەتەوە بۆ قەڵای پڵنگان و لەوێ کۆچی دوایی کردووە (تاریخ مردوخ،ص٩١). ئەمە لەحاڵێکدایە کەهەر بەقسەی ئەو سەرچاوەیە، سورخاب بەگی ئەردەڵان لەساڵی ٩٥٦ی کۆچیدا، ناوەندی فەرمانڕەوایی لەقەڵای زەڵمەوە گواستووەتەوە بۆ قەڵای پڵنگان و ئەوێی کردووە بەشوێنی فەرمانڕەوایی کردن، (تاریخ مردوخ،ص٩٧) کە ئەم بابەتەش جگە لەو سەرچاوەی سەرەوە، هیچ سەرچاوەیەکی تری نییە.

لەبەدواداچوونی ئەو مەسەلانەداو، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوباسکردنە کەهیچی ڕووداوێکی مێژوویی نییە، سەبارەت بەفەرمانڕەوا یەکەمەکانی بنەماڵەی تا ساڵی ٩٥٦ی کۆچی، دەبێ ئەم شت دانە پاڵ ئەم کەس و ئەو کەس و گێڕانەوەی هەندێ داستانی دروستکراو کاری مێژوونووسەکانی ناوچەکەیەو بەمەبەستی پێشخستنی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانییەکان لەکوردستاندا بووەو لەڕاستیدا مێژووی ئەم بنەماڵەیە لەنیوەی یەکەمی سەدەی دەهەمەوە دەست پێدەکات، چونکە خاوەنی شەرەفنامە، ئەمیر شەرەفخانی بەتلیسی لەساڵی هەزارو پێنجی کۆچیدا، ئەم کتێبە مێژووییەی داناوەو لای وایە کەمێژووی ئەمانە لە(بەگە بیگ)ی مامولییەوە

(٩١١- ٩٤٢کۆچی) دەسەڵاتیان گرتووەتە دەستو دەربارەی ئەوانەی پێشتر لەزنجیرەی ئەو بنەماڵەیەدا دەنووسێ: (.. بەڵام چونکە دەنگوباسی ئەوانەی کەناوبران لای نووسەری ئەم کتێبە نەگەیشتووەتە رادەی باوەڕپێکردنی تەواوو لەکەسێکی باوەڕپێکراویشەوە شتێکی وام نەبیستووە کەپشتی پێ ببەستم، ناچار بووم کەچاوپۆشیی لەباسکردنی ئەوانە بکەمو تەنیا باسی ئەوانە بکەم کەلەکەسانی جێمتمانەو باوەڕەوە دەنگوباسیانم بیستووەو دەماودەم گەیشتووەتە پلەی راستیو هەندێ زانیاریش کەخۆم بەچاو بینیومە، چونکە بڕیارم داوە لەگەڵ قەڵەمی دوو زماندا، کەناوەڕۆکی داستانەکە بەبێ کەمو زیادو بەدەستەواژەی کورت بنووسمو لەقسەی جیاجیاو جیاوازی بێتام، کەدەبێتە هۆی بێزاری کەسانی هۆشمەند، خۆم دووربگرم.(شرفنامە،ص١١٨-١٩٩) ئەم دێرە شیعرە کەبەناوبانگە لەمێژووی هەوراماندا دەریدەخات کەهێرشکردن بۆ بنکەی راپەڕینی عەلەوییەکان لەسەردەمی (بەگەبێگ)ی مامویی، باپیری زنجیرەی ئەردەڵانیەکانەوە دەستی پێکرد کەشیعرەکە دەڵێ:

نەبگە مامو نەتیموری لەنگ

هیچکام اورامان نەگرتن وجنگ

واتە:

نەمامۆو نەتەیموری لەنگ هیچکامیان هەورامانیان بەجەنگ نەگرتووە.

کەواتە قسەی گواستنەوەی شوێنی فەرمانڕەوایی بۆ پڵنگان کەلەسەردەمی هەڵۆ خانیشدا (٩٩٦)ی کۆچی، جارێکیتر دووبارە بووەتەوە، (تاریخ مردوخ،ص١٠٢) بەلەبەرچاوگرتنی سەرچاوەیتری باوەڕپێکراوو گێڕانەوەی دەماودەم، لەساڵی ٩٩٦ی کۆچیدا پڵنگان داگیرکراوە کەبنکەی

عەلەوییە توندڕەوەکان بووە، لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئەردەڵانەوەو ئینجا عەلەوییەکان پەرت و بڵاوبوونەتەوەو کۆچیان کردووە بۆ شوێنانیترو لەشاهۆوە چوون بۆ داڵەهۆو شارەزوورو دلفان و .. هتد.

ئەو بێزاریو نیگەرانییەی کە نووسەری کتێبی (تذکرە اعلی) دەریبڕیوە بەرامبەر بەهەڵۆخان هەر لەبەر ئەم هۆیە بووە (تذکرە اعلی،ص١١٩)و زۆربەی تەواوی خەڵکەکە وەك مەردۆخ دەڵێ، لایەنگری ڕێبازی عەلەوییە توندڕەوەکان بوون و لەفەرمانڕەوایی سیاسی و ئاییندا، شوێن کەوتووی بنەماڵەی سوڵتان سەید ئیسحاقی عەلەوی بەرزنجی و نەوەکانی ئەون. لەکتێبی (تذکرە اعلی)شدا باسکراوە لەپێکدادانی هەڵۆخان و ئاشتی کردن و ڕووکردنی خان ئەحمەد خان بۆ لای سەرکردەکانی بزووتنەوەکە، بەهۆی سەرکوتکردنی بڵباسەکانەوە، بەشێوەیەکی ڕەمزی ئاماژەی بە بەرخوردی ئاشتیخوازانەی کراوە. (تذکرە اعلی،ص١١٩-١٢١)

باسی دەستگرتن بەسەر پڵنگانی بنکەی عەلەوییە توندڕەوەکانی ئەهلی حەقی کوردستان کەشوێنی سەرهەڵدانی یەکەمین فەرمانڕەوایانی ئەردەڵانیش بووە، وەك لەخوارەوە باس دەکرێ، تا ساڵی ٩٨٥ی کۆچی و ماوەیەکیش لەوە دواتر، شوێنی عەشیرەتی گۆران بووە، قازی ئەحمەدی کوڕی شەرەفودین حوسێن حوسێنی قومی لەکتێبی (خلاصة التواریخ)دا بەم شێوەیە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ٩٨٥ی کردووە:

(لەم کاتە پیرۆزانەدا (ساڵی ٩٨٥ی کۆچی سەردەمی شا ئیسماعیلی دووەم) کەوتە بەر گوێی شا کەئەسکەندەری فەرمانڕەوای قەڵای پڵنگان کەوتووەتە سەر پێچی کردن و چەند جار لەگەڵ فەرمانڕەوانی کوردستاندا، دەستی کردووە بەشەڕکردن و ئێستاش هەر خەیاڵی سەرپێچی هەیە، لەبەر

ئەوە شا بڕیاریدا سەرکوتی بکاتو لەبن هەڵیتەکێنیو سولاخ خوشین تەکلۆی بۆ ئەو ئەرکە دەستنیشان کرد لەدینەوەر و سنەو بەسوپایەکی وەك گەڵای دارو دڵۆپەی باران ڕێکخست لەگەڵیا:

سپاهی کەدریای چین را زگرد　　　کندچون بیابان بەروز نبرد

واتە سوپایەك بەرۆژی نەبەرد دەریای چین بکات بە بیابان.

ئەویش کەرووی کردە ئەو ناوچەیە، ئەسکەندەری فەرمانڕەوای پڵنگان ترسی لێ نیشتو پەنای بردە بەر لوتکەی شاخە بەرزەکان کەبنیان لەئەرزو سەریان دابوو لەئاسمانو تا ئەوکاتەش کەس نەیتوانیبوو بگاتە ئەو شوێنانە:

قلعە مگوە کو فلك پیـــــکری　　　بل بەمراتب فلك برتـــــــــری
سنگ دلی سخت سر چم تنگ　　　شیشە افلاك، شکستە بەسنگ
کنگراو گشتە بەسدرە ندیم　　　کـــردە بەمنشار فلك رادو نیم

واتە:

مەڵێ قەلا بەڵکو کێوێکە، بەڵکو لەویش گەورەترە، ناوچەیەکی سەخت وبەردەلانی، سەری گەشتۆتە حەلحەلەی ئاسمانو وەکو مشار ئاسمانی کردووە بەدوورکەوتەوە.

کاتێك سوپای شا گەیشتە دەوروبەری قەلاکە ترسو بیمێکی بێ ئەندازە کەوتە ناو دەستو پێوەندەکانیو ئەسکەندەر فەرمانی دا ئاگری شەڕو کوشتار هەڵگیرسێنن:

زپرهای گردنکــــــــشان زمان　　　چوطوطی برآ وردە پر آسمـــان
سرفرقشان سودە، برماەو مهر　　　شدەتنگ بر نــــــسرطایر، سپهر
نمودە کمان گوشها پرشکوە　　　بەشـــــــکل مەنــوز بالای کوە

زدیـــوار صد فتنه درکـــــاراو بتان همچو صورت بـەدیـــواراو

پاش چەند ڕۆژێك کەسوپای سـەرکەوتووی شـا گـەمارۆی قـەڵایان داو ڕێگای هاتوچۆ گیرا، بەجارێك وەك ئـاگر لـەخوارەوە بـەرەو بـەرزایی شاخ هێرشیان بردو دەستیان کرد بەهاوێشتنی تیرو شمشێر وەشاندن ئـەوانیش کەبۆیان دەرکەوت کەسوپای شا لەسـەرکەوتندایەو بێتوانـایی خۆیـان بـۆ دەرکەوت:

کمان کج ابرو بەڤرگان تیر زیستان جوشن برآ ورده شیر

زبرنده شمشیر تارك شکاف شکاف اندر آمد زتارك بەناف

و پەلی ئەسپەکان سوور بوو بەخوێنی گەنجەکان:

زخون، خودها جام صهبا شده اجل ساقی باده پیما شـــــده

زرگهای تن خون بر آورده سـر زدریاری خون رسته مرجان تر

کەوتنە ڕاکردن بەرەو گوندێك کەنزیکی قەڵاکەبوو، سوپای شا بەشمشێر پاشماوەکانیـان کوشـتن و چوونـە سـەر قەڵاکـە. ئەسـکەندەر بـەهۆی ئـەو هێرشەوە دنیای لێ هاتەوە یەك و لەگەڵ دووسەد کەس لەتاقمەکەی ڕزگاریـان بوو. حوسێن سوڵتان سولاخ هەواڵی سەرکەوتنی نارد بۆ شـا، تەتـەر بەدوو ڕۆژ لەپڵنگانەوە گەیشتە قەزوین و ڕۆژی چوارشەممە حەڤدەی مانگی (ربیع الاول) لـەو سـاڵەدا خەبـەر گەیشـت بەشـاو تـەپڵی شـادی لێـدرا، شـا فەرمانڕەوایی قەڵاکەی سپارد بەسولاخ حوسێن و خـەڵکی ناوچەکە کەوتنە ئارامییەوە. (خلاصه التواریخ،ج٢،ص٦٤٦-٦٤٧).

گێڕانەوەی دەست بەسەراگرتنی قەڵای پڵنگان لەکتێبی (نقاوة الاثار)ەوە دوو بابـەتی گرنـگ و ئـاڵۆز بـۆ ئێمـە ڕوون دەکاتـەوە، لەباسـکردنی کتێبـی ناوبراودا هاتووە: (لەم کاتەدا هەواڵ گەیشت کەئەسکەندەر لەقەڵای پڵنگان

لەدەوروبەری لوڕستاندایە، یاخی بووە، سولاق حسێن تەکلۆ فەرمانی پێدرا بۆ چارکردنی مەسەلەکەو بەسوپایەکی زۆرەوە بەرەو پلنگان کەوتە ڕێ. پاش ئەوەی سولاق حسێن گەیشتە ئەوێ شەڕ بەرپابوو لەنێوان سوپای سولاق حسێن و ئەسکەندەردا، پاش کوشتارێکی زۆر لەهەردوولا، ئەسکەندەر کەخۆی بەشێر ئەزانی رایکردو پەنای بردە بەر لوتکەی شاخێك، سوپای سولاق هێرشیان کرد بۆ سەر شاخەکەو زۆریان لەتاقمەکەی ئەسکەندەر کوشت. ئەسکەندەر لەگەڵ سێ کەس لەشوێنەکە رایانکردو سولاق حسێن چووە ناو قەڵاکەو تالانییەکی زۆرو بێشوماری دەسکەوت کەلەگەڵ سەری کوژراوەکاندا ناردنی بۆ بارەگای شا و فەرمانرەوایی قەڵاکەو ئەو ناوچەیە بەسولاق حسێن سپێردرا. ئوردوغدی خەلیفە بەهۆی هەندێ کرداری ناشیرین و نەگونجاو کەبەدڵی شا نەبوو، لەبەرچاوی شا کەوت و بەند کرا.{تذكرة الاثار / ص٥٤}.

یەکەم ئەوەیە کەئەم باسکردنە باوەڕپێکراوە، نیشانەی ئەوەیە کەقەڵەمڕەوی عەلەوییەکان لەپلنگان و هەورامان و.. لەسنووری کوردستان تا ئەوکاتە، سەر بەلوڕستان دانراوەو سوڵتانە هەورامییەکان لەو چەند سەدەیەدا، سەر بەفەرمانڕەوای لوڕستان بوون و هەر بەم هۆیەشەوە کەبەشی زۆری مردن و پەیدابوون و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بەعەلەوییە گەورەکانەوە، دراونەتە پاڵ لوڕستان. دووهەم ئەوەیە کەبەهۆی تایبەتمەندی ئەو لەشکرەی نێردرابوو بۆ سەرکوتکردن و ئامادەبوونی خەلیفەی تەکلۆ لەپلنگان کەهەردووکیان تەکلۆ بوون و کوردبوونی تەکلۆکان و هاوڕێیەتی ئەوان لەگەڵ گۆرانەکانداو سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شاوەیسقوڵی و شا محەمەد بەگ لەناو ئەوانداو پاشتر کۆچکردن بۆ (ڕوم

ئیلی) لەسەرەتای دەوڵەتی سەفەوییەکاندا، راستییەکەمان بۆ دەردەخا، لەلایەکی‌ترەوە ئوردوغدی خەلیفە پاش ئەوەی شا عەفوی کرد، لەشەڕێکدا لەگەڵ سوپای عوسمانی، دوای ئەوەی کەکەسانێکی زۆری لێکوشتن، خۆیشی کوژرا.(نقاوة الاثار،ص٩٣)

ئیتر دوای ئەمە بوو، کەلەسەر قسەی شەرەفخانی بەتلیسی، وەلی خانی تەکلۆ فەرمانڕەوای هەمەدان، پاش مردنی شا ئیسماعیلی دووهەم لەساڵی ٩٨٦ی کۆچیدا، بێسەروبەری‌و ئاژاوە کەوتە ناو کاروباری قزڵباشەکانەوە، سولاق حسێن ئەوەی بەدەستی هێنابوو لەکیسی چوو، لەشکری شارەزوور بەهەلیان زانی، قەڵای پڵنگانیان لەدەستی تەکلۆکان دەرهێناو هیچ کەس لەمیراتگرانی موڵك نەمان‌و لەراستیشدا لەدیوانی عوسمانییەکانەوە سنجاقەکان دران بەکەسانی بێگانەو هەڵوێستی عوسمانییەکان‌و جموجووڵی سەربازی فەرمانبەرانی ئەردەڵان، بەرامبەر بە پڵنگانی روونکردەوەو بەرتەسك بوونەوەی ناوچەی گۆران‌و پاشەکشەکردنی عەلەوییە توندڕەوەکان بۆ ناوچەی داڵەهۆو دەوروبەری دیاری دەکات.

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیەی کەدواتر باسی دەکەین‌و لایەنێکی مێژوویی‌و سیاسی‌و ئایینی گرنگی لەمێژووی عەلەوییەکانی زاگرۆسدا هەیە. کوڕەکانی (قمام الدین) میرخسرەو لەخاکی گۆران‌و داڵەهۆدا، حکومەتێکی سیاسی‌و مەزهەبی لەناوچەکەدا پێکدێنن‌و دوور نییە کەقمام الدین کەبەگوێری بەڵگەی ئاشکراو ئەو ناوبردنەی (یارسان)ەکان، پیاوێکی گیانفیدا بووەو بەتۆمەتی شەڕکردن لەسەر پڵنگان‌و چوونەوە بەگژ عوسمانییەکاندا دەبێتە دیلی زیندانەکانی ئالی عوسمان لەبەغدا. مێژووی رێکخستنی بەڵگەنامەکە ٩٩٣ی کۆچییە.

## سوڵتان سەیید ئەحمەدی عەلەوی (باوە یادگار) لەبەڵگەنامە مێژووییەکانو شیعری پیاوە گەورەکانی زانستو ئەدەبدا

ڕەشنووسی قەواڵەی موڵکی (ئەنزلی)و دەوروبەری بۆ پێشەوای سەردەمو نەوەی خانەدانو بنەماڵەی سوڵتان شێخ (یادگار): مەبەستی سەرەکی لەنووسینی ئەم چەند دێرە، ئەوەیە کەلەدادگای پیرۆزی شەرعی نورانیدان، بەرزی پێگەی ، قمام الدینی کوڕی خوالێخۆشبوو عوسمان کوردی دانیشتووی زەهاو، بەئارەزووی خۆی ئەوەی کەبەڕواڵەت موڵکە لەباوکو باپیرانیەوە بۆی مابۆوە، زەوی کێڵگەی ناوداری ئەنزەلی لەزەوییەکانی قەڵای شاهێن، واتە هەموو خاکو گردو تەپۆڵکەو چیاو لەوەرگەکە کەوتۆتە ناو سنووری نێوان سەرابو ئەنزەلیو موڵکی قەڵای شاهێنو ڕووبارەکەو دوکانەکانی داوود کەهەمووی بەپەنجامەن گەنمو دوو شاهی، لەبەرئەوەی قومامودین لەبەغدا لەبەندیخانەدا بووو ماوەی دوو ساڵ وەزیری بەغدا، بەندی کردبوو، خەڵکی بەغدا بەگەورەو بچووکەوە، سەرەڕای زیانی زۆر، هەوڵی زۆریان دا، بەڵام بێ سوود بوو، لەو ماوەیەدا بیری دەکردەوە پەنا بەکێ ببات، چووە لای دایکی، دایکی پێی گوت (پەنا بەرە بۆ شێخ یادگار کەلەنەوەی عەلی کوڕی ئەبو تالیبە، بڕۆ پێی بڵێ: مەگەر ئەو چارەیەکت بۆ بدۆزێتەوە. قمام الدین کەناوی ئەمیر المؤمنین عەلی بیست، زۆر گریاو لەبەرخۆیەوە گوتی: عەلی کێشەی خەڵکی چارە کردووە، ئەم یادگارەش نەوەی عەلییە، بێگومان پەنا ببەیتە بەر نەوەی عەلی ڕزگارت دەبێ لەکۆتو بەند. قمام الدین دڵی خۆی ساف کردو ڕووی کردە شێخ یادگارو وتی: ئەی شێخ بۆ خاتری محەمەدو عەلیو فاتیمەو حەسەنو حسێن، بەباوکو باپیری

خۆت سوێندت ئەدەم کەلەم زیندانە رزگارم بکەو زۆر گریاو بەدەم گریانەوە خەوی لێکەوت. لەخەودا پیاوێك هاتە لای‌و پێی وت: (ئەی قمام الدین تۆمان رزگارکردو لەزیندان رزگارت بوو) قمام الدین وتی (بەقوربانت بم تۆ کێی؟) وتی (من شێخ یادگارم‌و مالّم لەسەرای زەردەی یەزدگوردییە). کەرۆژ بوویەوە (شاهومن) وەزیری بەغدا منی لەزیندان رزگارکردو خەلاّتی کردم‌و رەوانەی کردم‌و شاهومن وتی: ئەگەر تۆم رزگار نەکردایە، خۆم تیائەچووم، چونکە شەو شێخ یادگار داردەستەکەی خۆی خستە سەر قورگم‌و پێی وتم (ئەی شاهومن قمام الدین بەرەڵلا بکە لەزیندان، ئەگەرنا تۆ تیا ئەچی) منیش لەبەرئەوە رزگارم کردی، منیش لەبەغدا چوومە دەرەوەو، بەرەو لای شێخ یادگار کەوتمەرێ بۆ ئەوەی پێی ماچ بکەم‌و ئەو پێنج بەشەی موڵکی ئەنزەلی کەکڕیبووم بەپەنجا مەن گەنم‌و دوو شاهی نەخت بەئاوو خاك‌و باخاتەوە وەقفم کرد لەسەر شێخ یادگار بەرەغبەت‌و ئارەزووی خۆم‌و کەس ماڤ ئەوەی نییە لەدوارۆژدا بەهیچ شێوەیەك داوای ئەوە بکا کەهی ئەوە، چونکە ئەو موڵکە بووە بەهی شێخ یادگار، هەرکەسێ تەماعی تێ‌بکا گیرۆدەی رق‌و کینەی خوابی‌و هەرکەس موڵکی ئەنزلە داگیر بکا بەر نەفرەتی خواو پێغەمبەرو عەلی‌و نەوەکانی بکەوێ. ئەمەش لەرۆژی شەشەمی مانگی رەجەبی ساڵی ۹۹۳.

**ئەحمەدی بەندەی باوەشێخ یادگار**

لەخوارەوەش ناوی چەند کەسێك هاتووە وەك شایەت لەسەر وەقف کردنی موڵکەکە ناوەکانیش ئەمانەن: کەئیمزایان کردووە

١. عەبدە نەزەر عەلی باباشێخ. (پەنجەمۆر/ نەخوێندەوار)

٢. عەبدە بەرات عەلی.

٣. فەقێ عوسمان.

٤. فەقێ عومەر

٥. شێخ شەریف لوتف الله. (پەنجەمۆر/ نەخوێندەوار)

٦. عەبدە موحەمەد ئەڵوەند.

٧. عەبدە تەقی کوڕی خەلیل.

٨. عەبدە حاجی.. (پەنجەمۆر/ نەخوێندەوار)

٩. سید ئال محەمەد جەعفەر.

١٠. جليل الحسيني

١١. عەبدە ئەبولفەضل الحسيني.

(بەپێی مۆرو ئیمزای لیژنەی دارایی کرماشان، پشتگیریی لەراستی قەواڵەکە کرا لە ٢١ ئوردییە هەشتی ١٣١٥ کۆچی هەتاوی.

وەك لەسەرەوە باسکرا، هەر لەم ڕۆژانەدابوو لەسەردەمی هەڵۆخاندا هێرش کرایە سەر هەورامان، لەلایەن خان ئەحمەد خانی کوڕی هەڵۆخانەوە(محمد علی سلطانی، ایلات و طوایف کرمانشاهان ج١/٢ ص٣١-٣٢) بەپلانێکی سەربازی دەسگیرا کە بەم بۆنەیەشەوە ئەم دوو شیعرە بەسەر هەوراماندا نووسراوە:

| | |
|---|---|
| نەبگەمامو، نەتیمور لـــنگ | هیچکام هورامان نگرتن و جنگ |
| غیرازخان احمد بگلر خانان | اویچ ود هوگرتن هورامان |

واتە:

نەبەگە مامو نەتـــەیموری لەنگ

هیچکام هەوارامان نەگرتن وەجەنگ

غەیرەز خان ئەحمەد بەگلەری خانان
ئـــەویچ وە دهو گرتن هـــــەورامان

ئەم بەڵگە باوەڕپێکراوە، جگە لەوەی پلەو پایەی ئایینی سوڵتان سەیید ئەحمەدی عەلەوی (بابا یادگار) دەخاتەڕوو، سنووری شوێن و ناوچەی ژیانی عەلەوییە توندڕەوەکانی ئەهلی حەقە لەهەورامان و شاهۆو پڵنگان بەرەو داڵەهۆو دەوروبەرەکەی،و زنجیرەی بەرودووی مێژوویی لەم تاوتوێکردنەدا، هەر لەسەرەتای پڕوپاگەندەو گەشەکردنی بنەماڵە سیاسی و ئایینی و مەزهەبییەکان و گەیشتنیان بەدەسەڵات و فەرمانڕەوایی، ڕەوتی گەشەی سیاسی و مەزهەبیمان بۆ بەرجەستە دەکات.

جێگای سەرنج ڕاکێشانە کەئەم گۆڕانکارییانە هاوکات بووە لەگەڵ چوونە سەر تەختی شا تەهماسب (٩٣٠ -٩٨٤)ی کۆچی و دەسدرێژییە بەردەوامەکانی عوسمانییەکان بۆسەر ئازربایجان و بەتایبەتی بۆسەر کوردستان و دەستکردن بەبەهێزکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت و پشتیوانی کردنی هەمەلایەنە لەو بنەماڵە ئایینیانەی کەسەر بەڕێبازی ئایینی ئەوان بوون، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پشتگیریی دەکران کەنموونەی بەرچاوی خرایەڕوو. هەروەها جێگەی سەرنجە کە لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییەدا کەباسمان کرد، کەپلەو پایەو پیرۆزیی عەلەوییە توندڕەوەکان کەپیاوانی ڕێگای خواو شارەزای ئاداب و ڕەوشتی خواپەرستی بوون، نەك هەر تەنها چەند سەدە لەناو خەڵکدا بەڕێزو باوەڕێکی تەواوەوە هەروەك خۆی بەردەوام بوو و پەیوەندی هەر درێژەی هەبووە، بەڵکو پیاوە گەورەکانی ئایین و زانست و ئەدەب چ شیعەو چ سوننی بەرامبەر بەو پیاوە گەورانە بەتایبەت سوڵتان ئیسحاق و سوڵتان

سەیید ئەحمەدی عەلەوی (باوە یادگار) لەبەرهەمو شیعرە نایابەکانی خۆیاندا، پەنایان بردووەتە بەریان. بۆنموونە یەکەمجار قەسیدەیەکی جوان بەزاراوەی هەورامی لەمامۆستا مەولەوی تاوگۆزییەوە کەنازناوی شیعری مەعدومەو یەکێکە لەزانایانی ڕێبازی شافیعی و سەردەستەی شاعیرانی کوردزمانەو لەپیاوە دەرکەوتووەکانی تەریقەتی نەقشەبەندییە، لەسەردەمی ناسرداو بەدوای قەسیدەیەك بەزمانی فارسی کەهی موحەمەد باقر میرزای خەسرەوییە کەیەکێکە لەشاعیرە بەتواناکانی سەردەمی قاجارییەکان و یەکێکە لەپەیڕەوانی ڕێبازی شیعەی ئیمامی دەهێنینەوە:

قەسیدەی پاڕانەوەی زانا مەلا عەبدولرەحیمی مەولەوی کوردی:

سەرشاری سەهبای بەزمو موناجات
مەلجەی ئیلتیجای ئەربابی حاجات
جای رجای جەرگەی پادشاو دەروێش
بارەگاو پەنا پەی بێگانەو خوێش
ئاهووی خوتەنی فەیزی ئیلاهی
نافەی ناف راهی ج مەه تاماهی
شکۆفەی وەشبۆی رەیحانەی رەسوڵ
نەو باوەی نەمام تەییبەی بەتوول
سەرو سایەدار نیشاندەی وەلی
یەعنی یادگار مورتەزا عەلی
وە رەوزە تانا هەر نوور واران بۆ
تادەفعی زوڵمەت دیدەی یاران بۆ

## فەرمانڕەوایی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان، بەگوێرەی ئەوەی کەلەمێژووی سەفەویدا هاتووە

لەبەرئەوەی سەردەمی فەرمانڕەوایی خان ئەحمەد خان (١٠٢٦-١٠٤٥)ی کۆچی بەو پێیەی کەلەسەرەوە رابورد، یەکێکە لەکاتە گرنگە مێژووییەکانی بزووتنەوەی عەلەوییە توندڕەوەکانی ئەهلی حەق، کەبەئاشکرا لەکتێبی (تذکرة اعلی، ص١١٩) ئاماژەی پێکراوە، هەرچەند لەباری مێژووەوە، دەبوا رووداوەکانی حکومەتی خان ئەحمەد خان، لەسەردەمی سەرهەڵدانی خان ئاتەشدا باس بکرایە، چونکە لەیەك سەردەمدان. بەهەرحاڵ لەبەرئەوەی کەکتێبی (خلاصة السیر) لەکاتی هێرشی ئەردەڵانییەکانی بۆسەر قەڵای پڵنگان شوێن نیشتەجێبوونی سەرەکی عەلەوییە توندڕەوەکانە کەتایفەی گۆڕانن و هەروەها داگیرکردنی قەڵای هەورامان، تا مردنی خان ئەحمەد خان (١٠٤٥) کۆچی بەربڵاوتر لەمێژووی کوردستان باسی کردووەو شایەتێکە لەسەر رووداوەکان و خۆڕاگرتنی گۆڕانەکان لەپڵنگان، تا ماوەیەکیش دوای داگیرکردنی، باسەکەی ئەو کتێبە دەهێنینەوە.

### رووداوی پڵنگان

(.. لەرۆژی حەوتەمی مانگی موحەرەمی ساڵی ١٠٣٩ی کۆچیدا رووی کردە کوێستانەکانی گەلاڵی و ئەو ناوەی کردووە بە بەهەشت و خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بەپیاوێکی خۆیدا کەناوی (ئورغورلو) بوو نامەیەکی ناردە خزمەت شای عالەم پەنا، باسی ئەوەی تێدابوو کەقەڵای پڵنگان کەلەقایمی و سەختیدا کەم وێنە بوو و لەبەرزی و قایمییدا شان لەشانی قەڵای سپەهری

فەیرزوە دەدات لەبەرکەمتەرخەمی خەڵکەکەو بەهاتنی ڕۆمەکان کەوتبووە ژێردەستی مەئمون خانی برای ئەو (خان ئەحمەد خان)، بەبێ قڕەو شەڕو شۆڕ کەوتە دەست دەوڵەتو پەنجا کەسی ڕۆمی (عوسمانی)و پیاوەکانی مەئمون خان گیران و زنجیرکرا بوون. کەهەندێ لەوانەی بۆ پاراستنی قەڵای مەریوان دانابوون، هەر لەخۆوە رایانکردووەو قەڵاکەش چووە ریزی قەڵا گیراوەکانی‌تر. شا لەم ڕووداوانە زۆرخۆشحاڵی خۆی دەربڕیو ملکەچی خۆی پیشاندا بەرانبەر بەخوا.

پاش چەند ڕۆژێك لەو ڕووداوە، مەئمون خان لەگەڵ گیراوەکاندا نێردران بۆ بارەگای شا، ئەویش بەهۆی ڕەوشتی بەرزییەوە لێیان خۆشبوو، هەموویان بەرەڵلا کران و مەئمون خانیش سپێردرا بەئیمام قولیخان کەلەویلایەتی (شیراز) فارسدا بەتەواوی بیپارێزێ (خلاصه السیر ص٩٧)

لەمێژووی ئەردەلان و بنەماڵەی ئەردەلانییەکاندا ناوی مەئمون بەگ هیچ نەهاتووە، وەك برای خان ئەحمەد خان. ڕووداوی داگیرکردنی قەڵای پڵنگان لەلایەن ئەردەلانییەکانەوە، وەك لەمەوپێش بەدرێژی باسکرا پەیوەندی بەهەڵۆخانەوە هەیەو لە٩٩٦ی کۆچیدا ڕوویداوە. هەر بەم هۆیەوە لەکتێبی (تذکرة اعلی) دا کەدێتە سەر باسی هەڵۆخان و پێکدادانی لەگەڵ پەیدابوون و سەرهەڵدانی عەلەوییەکاندا بەناشیرین باسی دەکا، بەڵام ئەو ڕووداوەی سەرەوە پەیوەندیی بەسەردەمی خان ئەحمەد خانی کوڕیەتی لەساڵی ١٠٣٩ی کۆچیدا.

هەروەها دەربارەی داگیرکردنی هەورامان، بنکەی بزووتنەوەی عەلەوییە توندڕەوەکان و ڕووداوی تردا هاتووە.

## داگیرکردنی هەورامان.

.. ڕۆژی هەینی نۆزدەی مانگی سەفەری ساڵی ١٠٤٠ی کۆچی، .. خان ئەحمەد خانی بە(وادە بەگی یوزباشی)دا، هەواڵی ڕزگارکردنی قەڵای هەورامانی نارد بۆ خزمەتی شاو، لەنامەکەدا هاتبوو کەپارێزەرانی قەڵاکە، بەبێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەك دەستیان لەپاراستنی قەڵاکە هەڵگرت و ڕایانکرد...

## پێکدادانی ئینکیشاری و لایەنگرانی سوپای عوسمانی

لەنۆی مانگی زیقەعدەی ساڵی ١٠٤١ی کۆچیدا، لەلایەن خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانەوە هەواڵ گەیشت کەلەویلایەتی ڕۆمدا لەنێوان ئینکیشاری و سوپادا شەڕێکی قورس ڕوویداوەو خەڵکێکی زۆر کوژراوەو ئەمە سەرەتای شۆڕشە لەو وڵاتەدا، سێبەری خوا بەبیستنی ئەم هەواڵە لەجێی خۆی نەجووڵاو هێمنی و ئارامی هێندەی کێوی ئەلبورز بەرز بوو، وەك لەم شیعرەدا هاتووە:

گر بگیرد روی عالم را سپاه　　　کوه‌پیش صبراو باشد چو کاه

(خلاصه السیر،ص١٠٠)

واتە:

ئەگەر سوپا ڕووی ئاسمان بگرێ

کێو بەرامبەر بەهێمنی ئەو وەك كا وایە

## داگیرکردنی موسڵ، بنکەی لاوەکی عەلەوییە توندڕەوەکان

ڕۆژی هەینی چوارەمی مانگی زیقەعدەی ساڵی ١٠٤٢ ی کۆچیدا...و هەر لەم شوێنەدا نامەیەك لەلایەن خان ئەحمەدخانی ئەردەڵانەوە گەیشت: تیایدا هاتووە چونکە کوردەکان سەرپێچییان ئەکردو لەدەوروبەری رووباری زاب کۆبوونەوەو بەخەیاڵی ئەوەی دەستپێشخەری بکەن، ئەم کۆنە بەندەیەی خۆت لەوە ئاگادار بوو، ڕۆژی دووشەممە حەوتی مانگی زیقەعدەی ساڵی ١٠٤٢ لەشارەزوورەوە کەوتمەڕێ بۆ ئەو ناوچەیەو پاش چەند ڕۆژێكو بڕینی ڕێگا، گەیشتمە قەڵای هەولێر، پاسەوانو تفەنگچییەکانی قەڵاکەمان ئابلۆقەدا. عوسمانی پاشای پارێزەری قەڵا، بەنیازی شەڕوپێکدادان هاتە دەرەوە لەقەڵاکە، پاش ڕووبەڕووبوونەوە سوپای بەرانبەر شکستی هێنا، سەدو پەنجا کەسیان کوژران بەشمشێرو ڕمی سوپای ئەردەڵان. هەولێرو دەوروبەری مووسڵ بەتەواوی‌و ناوچەی سلجەو سەقلابادو کلەریز کەهی سەعید خانی کورد بوونو کوجریزو قەمتەران بەتەواوی تالان کراو لەژێر سمی ئەسپی سوپای سەرکەوتوودا دەشتو کێوی ئەو ناوچەیە لەگەڵ خاکدا یەکسان کراو دیلێکی لەئەندازە بەدەرو ئاژەڵێکی لەژمارە نەهاتوو، کەوتە دەستی سوپاو بەبێ زەرەرو زیان گەڕاینەوە.

ڕۆژی سێ شەممە بیستو یەکی زیقەعدەی ساڵی ١٠٤٢ی کۆچی... خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان، کۆمەڵێك لەوانەی کەلەناوچەی مووسڵدا کوشتبوونی هێنایە بارەگای جیهان پەنا. میر عیماد الدینی کورد کەلەنێو گیراوەکاندابوو بەچاوی بەزەییەوە سەیرکراو ئازاد کرا.

(کوردە یەزیدییەکان پاش سەرکوتکردنی عەلەوییە توندڕەوەکانی ئەهلی حەق لەگەڵ دەسەڵات و توانای سەفەوییەکاندا خۆیان لەبەردەم مەترسییەکی تازەدا بینیەوەو سەرلەنوێ راپەڕینەوە). لەم بارەوە هاتووە: .. رۆژی هەینی پێنجی مانگی رەجەب ساڵی ١٠٤٢ی کۆچی.. لەلایەن خان ئەحمەد خانەوە هەواڵ گەیشت کەلەگەڵ (کەلبعەلی دەواتدار) رۆیشتوون بەرەو ناوچەی مووسڵ و چی ئاوەدانی هەبووە لەو ناوەدا لەگەڵ خاکدا تەختیان کردووەو تالانییەکی یەکجار زۆریان دەستکەوتووە، تاقمێك لەکوردە یەزیدییەکان کەلەترسی سوپای بێشوماری ئەمان، لەئەشکەوتەکاندا خۆیان شاردبووەوە، ئاگریان تێبەردان سوتاندنیان و کردنیان بەخۆڵەمێش. شای سێبەری خوا لەم هەواڵە گەلێ خۆشحاڵ بوو و سوپاسی خوای کرد.(خلاصه السیر،ص١٠٠،١٣٥،١٦٢،١٧٦).

لەکتێبی (خلاصه السیر)دا هیچ باسێکی سەرکوتکردنی تایفەی موکری و بڵباس نەکراوە، بەڵام بەدوای باسکردنی کتێبی (تذکره اعلی) سەبارەت بەسەرپێچی و رووبەڕووبوونەوەی خێڵی بڵباس لەگەڵ دەرکەوتنی بنەماڵەی ئاتەش بەگی و بەپێی ئەو دۆستییەی کەخان ئەحمەد خان هەیبوو لەگەڵ بنەماڵەی ناوبراودا، لە(تذکره اعلی) دا هاتووە: (خان ئەحمەد خان فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە بوو، کەکەرامەتی ئەو زاتەی بەرگوێ کەوت بوو بەموریدو پەیڕەویان.. لە(تذکره اعلی)دا دەستم کرد بەگەڕان و لێکۆڵینەوە بەهۆی هاوبەشی کردنی خان ئەحمەد خان لەسەرکوتکردنی تیرەکانی بڵباسدا، بۆم دەرکەوت کە راستە خان ئەحمەد خان بەم کارە هەڵساوە، چونکە هەر لەو بارەوە لەو کتێبەدا ئاماژە کراوە بەپێکدا هەڵچوونی خان ئاتەش لەگەڵ تایفەی بڵباسدا،(هەمان سەرچاوە،ص١٣٣) لەکتێبی (توحفەی

ناسرییە)دا لەم بارەوە هاتووە: (ئەوەندە درێژەی نەکێشا کەخێڵەکانی موکریو بڵباس دەسیان کردەوە بەئاژاوەو سەرپێچی. شای ئێران تەمێکردنی ئەو ئاژاوە گێڕانەی خستە ئەستۆی خان ئەحمەد خانو شا بیست هەزار سوارەو پیادەی خستە بەردەستیو بەرەو ناوچەی بڵباسو موکری کەوتنە ڕێو تیشکی رووناکیان بڵاوکردەوە، بەسەر ئەو ناوچە سەختو تووشەدا. خێڵە ئاژاوەچییەکان کەئاگادار بوون لەسوپای لەڕادەبەدەری خان ئەحمەد خان دەستپێشخەرییان کردو چوونە پێشەوە، هەردوو سوپا قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵمالیو لەهەردوولا کەسانێکی زۆر کوژرانو لەئەنجامدا سوپای کوردستان بەکۆمەکی خوای گەورە سوپای بێگانەیان تارومارکردو هەندێکیشیان کوژرانو بەدیل گیرانو ئەویتریش رای کردو گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان، لەقەڵای رەواندز کەزۆر سەختو تووشەو دارستانێکی چڕە، لەناو قەڵاکەدا خۆیان قایم کرد. خان ئەحمەد خان لەگەڵ سوپاکەی خۆیدا گەمارۆی قەڵاکەیان دا، بەڵام چونکە قەڵاکە زۆر سەخت بوو ئابڵۆقەدانی قەڵاکە درێژەی کێشا، چونکە قەڵاکە تەنیا یەك ڕێگای باریکی پڕ لەدارو درەختی هەبوو، سوپای خان ئەحمەد خان توانای ئەوەیان نەبوو سەرکەون بەسەر ئەو شاخە سەختەداو لەبەر درێژیی ماوەی گەمارۆدانەکە، سوپاکە زۆر بێزار بوو، لەئەنجامدا سوپای سەرکەوتوو وەك شێری بێشە هەڵمەتیان بردو بەو ڕێگە باریكو سەختەدا سەرکەوتنو هێرشیان کردە سەر قەڵاکە. بڵباسەکان لەترسی گیانی خۆیان دەستیان کرد بەخلکردنەوەی بەردو تیرو تفەنگ هاویشتنو گۆڕەپانی شەڕیان لەسەر سوپای خان ئەحمەد خان تەسك کردەوەو خەڵکێکی زۆریان کوشتو بریندار کرد. ترسی شکستو نەنگی راکردن باڵی کێشا بەسەر خان

ئەحمەد خاندا، رووی کردە قاپی خواو دەستی کرد بەپاڕانەوەو لەلایەن خواوە نیشانەی سەرکەوتن لەسەر ئالاکانیان دەرکەوت و هێرشیان کردە سەر سوپای دوژمنان و گردەکانیان لەسوپای دوژمن خالی کردەوەو ڕێگای راکردنیان لێ گرتن، زۆریان لێ کوشتن و هەندێکیان بەدیل گرت و هەندێکیش رایان کرد و چی حاڵ و ماڵیان هەبوو هەمووی بەتالان براو ئەوانەش کەمابوون هاتنە لای خان و ئەویش لێیان خۆش بوو و لەلای خۆیەوە چەند کەسانێکی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ناوچەی مەراغەو مورکی و سابلاخ ببەن بەڕێوەو خۆیشی لەگەڵ سوپای سەرکەوتوودا لەڕێگای کۆیەو حەریرەوە کەوتە ڕێ بۆ داگیرکردنی عەمادییە.(میرزا شکر الله سنندجی (فخر الکتاب)، تحفه ناصری، ص١١٢-١١٤)

پاش ئەوە یەکسەر دوای سەرکوتکردنی بلباس و موکری کەدوژمنانی بەهێزی خان ئاتەش و عەلەوییە توندڕەوەکان بوون بۆ لەناوبردنی یەزیدییەکان و ئەوانەی سەر بەوان بوون دەستی بەکارکردن کرد.

لەگەڵ ئەگەرێکی نزیک لەراستەوە لەهەردوو ڕووداوەکەدا، گیانبازەکانی ئەهلی حەقی بنەماڵەی ئاتەش بەگی بەشێك لەلەشکرەکانی خان ئەحمەد خانیان پێکهێناوە، هەر لەم ڕێگایەشەوە بووە کەهەندێ لەپەیڕەوانی ئاتەش بەگی گەیشتوونەتە مووسڵ و تا ئێستاش کەسانێکی پەیڕەوی ئاتەش بەگی لەوێ نیشتەجێن.

هەروەها هاتووە (بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی تایفەی داسنی و خالیدی بەڕێکەوتن، خەڵکێکی زۆر لەهەردوولا کوژران و بریندار بوون، تابای سەرکەوتن ئالای خان ئەحمەد خانی خستە جووڵەو تایفەی داسنی و خالیدی تێکشان و رایانکرد. ناوچەی حەریرو کۆیەش کەوتە دەستی خانی بەختەوەرەوەو لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەری دیاری کرد، بۆ ئەو دوو ناوچەیەو

ئەنجا رووی کردە مووسڵو لەنزیکی رۆژە ڕێیەکەوە چادری هەڵداو پاشان ئەویشی خستە ژێر دەستی خۆیەوە.(هەمان سەرچاوە،ص١١٥)

(خان ئەحمەد خان بەتیرێك دوو نیشانی شکاند، هەم بنکەی عەلەوییە توندڕەوەکانی خستە ژێر دەستی خۆیەوەو ئەوانەی کەدژیان بوون لەناوچەکەداو دژی سەفەوییەکان بوون سەرکوتکردنو هەم بنەماڵەی عەلەوییەکانی کردە هاوڕێی خۆیو زەمینەی ئامادەکرد بۆ جێبەجێکردنی مەرامی خۆیو ئەنجا ئالای سەربەخۆیی هەڵکرد.)

## راپەڕینی خان ئەحمەد خانی ئەردەلان دژی سەفەوییەکان

نووسەری کتێبی (خلاصة السیر) دەنووسێت : ( رۆژی شەممە نۆی مانگی رەبیعولئەوەلی ساڵی ١٠٤٥ی کۆچی.. ، شاراوە نییە لەبیرمەندەکان لەپێشتر خان ئەحمەد خانی فەرمانڕەوای ئەردەلان، بەهۆی نەخۆشی مێشکەوە تووشی (مالیخولیا) بووبوو.. ، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کاتێك شا چاوی لێوە بووەو بەهۆی تیمارکردنیەوە لەلایەن حەکیمو پزیشکی لێزانەوە گلێنەی چاوی لەشوێن خۆی دەرچووی وەك جارانی لێهاتەوەو چاك بوویەوە پاش چاکبوونەوە گەڕایەوە ویلایەتی خۆیو خەیاڵی سەرپێچی کردن سەرخۆشی کردبوو، یاخی بوو.

عەقڵ کەئامۆژگاری کەرێکی وردبینو متمانە پێکراوە، ناتەواوی ئەو بیرکردنەوەیە بەهەزار زیان دەخستەڕوو و بەتاڵکردنەوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بەهەموو جۆرە سزایەك ئامۆژگاری ئەکا واتە لەگەڵ ئەو کەسەی کەگەورەی تۆیەو یەکێك لەبەخشش و پیاوەتی ئەو لەگەڵ تۆدا گیانی نازداری تۆیە، جگە لەبەندەیی کردنی نابێ ڕێگایەکیتر بگرێتەبەرو

خاوەن نیعمەتێك کەژیانو گیانی تۆ یەکێکە لەبەخششەکانی ئەو بەتۆ، نابێ بەرامبەر بەو هیچ ڕێگایەك بگریتەبەر جگە لەملکەچی نەبێ، بەڵام چونکە دەرگای گوێگرتن بەبزماری سەرشۆڕی داکوترابوو، ڕێگای سەرپێچیو یاخیبوون گیرایە بەر.

شای سێبەری خوا سرووشێکی نهێنی بۆهات بەم مانایە کەلەم دوو دێڕە شیعرەدا خستنیە ڕوو:

| | |
|---|---|
| برنکشد شاخ نو از سروبن | تانزنی گردن شاخ کهن |
| تانکنی رهگذر چشمه پاك | آب نزایدزدل چشمه پاك |

واتە:

لقی تازە سەوز نابێ لەداری سەرو
تا نەدەی لەگەردنی لقە کۆنەکان
تارێڕەوی جۆگایەك پاك نەکەیتەوە
ئاوی پاك لەکانییەوە ڕێ ناکات

لەم بارەیەوە فەرمان دەرچوو بۆ (سیاوش بەگ قوللەر ئاغاسی)و شاهوێردیخانی فەرمانڕەوای لوڕستانو میرەکانی ئەو سنوورە کەهەوڵێکی تەواو بدەن، بۆ لەناوبردنو سەرکوتکردنی ئەو. ئەوانیش بەگوێرەی ئەو فەرمانە، هەرکەس لەجێگای خۆیەوە کەوتنە جووڵەو ڕوویان کردە ویلایەتی خان ئەحمەد خان. خانی ناوبراو لەترسی ئەو دلێرانە نیگەران بوو و ڕووی‌کردە قەڵای هەورامان کەلەقەڵا سەختو قایمەکانی ئەو ناوچەیە بوو، بەتەمای ئەوەی کەبەهۆی خۆ قایمکردن لەو قەڵایەو لەچنگی ڕۆژگار ڕزگار ببێت، هێرشبەران لەمە ئاگاداربوونو ڕێگایان لێگرت. ئەنجا خان لەگەڵ دەستو پێوەندەکانی خۆیدا دەستی کرد بەشەڕکردنو بەردەوام بوو تا لەبەرەکەتی بەردەوامی شاوە تووشی شکست هاتو پێنج سەد کەس

لەتاقمەکەی هەندێکیان کوژران و هەندێکیان وەك میر عەلی و محەمەد قولی تۆپچی باشی بەدیل گیران، هەرچی حوشترو کارخانەو رەوە ئەسپی هەبوو هەمووی تالآن کراو خۆیشی لەگەڵ چەند کەسدا، رێی راکردنیان گرتەبەرو بەرەو قزلجەو شارەزوور ملیان نا، سوپای شا پاش ئەو سەرکەوتنە دەچنە ناو قەلآی هەورامان و سپاردیان بەعەباس قولی بەگ کەدانرابوو بەفەرمانڕەوای ئەوێ.

پاش ئەم رووداوە شاهوێردی خان و قوللە ئاغاسی بەدرێژی نامەیان نووسی بۆ شا و رەوانەیان کرد، رۆژی پێنج شەممە دوانزەی مانگی رەبیعولئەوەل نامە گەیشت بەشاو ئەویش مەجلیسێکی رازاندەوەو دەستی کرد بەخەلآت دابەشکردن بەسەر کۆچەرییەکانی دادیان و کۆریال کە بۆ دیدار هاتبوون و ئەو رەوە ئەسپەش کە لەعیراقەوە هێنرابوون بەسەر جەنگاوەراندا دابەشکرا.

لەرۆژی شەممە ٢١ی رەبیعولئەوەل لەلایەن قوللەر ئاغاسییەوە راپۆرتێك گەیشت بەشا تیایدا هاتبوو کەخان ئەحمەد خان لەکەرکوك تێپەڕی کردووەو چووەتە لای (کوچك ئەحمەد) لەدەوروبەری مووسڵ و داوای کۆمەك و یارمەتی کردووە، ئەویش هەزارو پێنج سەد کەسی لەلاوانی رۆمی و کوردستانی بۆ ئامادە کردووەو لەگەڵ تەیغوندا رەوانەی سنوورەکانی کردووە. لەم لاشەوە بەپێی فەرمانی شا، ئاغا خانی موقەدەم نێردرا بۆ یارمەتیدانی سوپاو بەشداریکردن لەو شەڕەدا، بەڕێزیان رۆژی دوو شەممە بیست و سێی مانگ، رووی کردە ناوچەکەو پێش ئەوەی ئەم بگاتە ناوچەکە، شاهوێردی خان لەگەڵ ئەو سەربازانەی لەگەڵ تەیغوندا کەلەمووسڵەوە هاتبوون کەوتە شەڕەوە، پاش شەڕێکی قورس سوپای

یاخیبووان شکستیان خواردو ژمارەیەکی زۆریان لێکوژراو چیی کەلوپەلیان هەبوو کەوتە دەست سوپای شا. کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە لای شا لەو ڕۆژەدا بەزمو ڕەزمێکی شایانەی سازکرد، ئێلچی ڕۆمو دادییەکانو سەیید هاشمی کوڕی سەیید مەنسووری عەرەبو سورخای خانی شمخاڵو گەورە پیاوانی داغستانو پیاو ماقوڵانی کوردو هەموو میوانەکانی‌تری کۆکردەوەو دەستیان کرد بەرابواردنو خۆشگوزەرانی.

.. لەبەر ئەوەی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان ڕووی ملکەچی خۆی لەشا وەرگێڕا، هەرچەندە لەشەڕەکاندا خۆی زۆر ڕاگرت، بەڵام بەرامبەر سوپای شا هیچی بۆ نەکراو پەنای بردەبەر کوچك ئەحمەد کەشای ڕۆم داینابوو بۆ پارێزگاریکردن لەمووسڵو ماردینو ئەو ناوچەیە، ئەو کابرایە لەئازایەتیی و پیاوەتیدا، بووبووە قسەو باسی خەڵکی ئەو سەردەمە، خان ئەحمەد داوای یارمەتیو سوپای لێکردو بەخەیاڵی ئەوەی، بەهۆی ئەوەوە ئەگاتە ئاواتی خۆیو دەرگای بۆ ئەخرێتە سەر پشت.

کوچك ئەحمەد دەستی نەنا بەڕوویەوەو کەوتە ئامادەکردنی پێویستییەکانی شەڕو سوپایەکی بۆ ئامادەکرد کەبریسکەی شمشێرەکانیان چاوی خۆری تاریك کردبوو، پاش ئەوە بەلەشکرێکی لەژمارە نەهاتووەوە، لەگەڵ خان ئەحمەد خاندا، بەرەو شوێنی مەبەست کەوتنەڕێ.

کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە سەرکردەکانی لەشکری شا بەسەرپەرشتی سیاوش بەگی قوللەر ئاغاسیو ئاغاخانی موقەدەمو شاهوێردی خانی فەرمانڕەوای لوڕستان، کەوتنە خۆ ئامادەکردنو دابینکردنی پێویستییەکانی شەڕ.

